The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# ئەمرۆ خەڵكی هەڵەبجە ڕاپەڕین

## ئەمساڵ بەرپرسان نابێت بێنە ناو شارەوە

مۆنمێنتی هەڵەبجە كەوتەوە دەست خاوەنەكانییان

**ئەمرۆ 16-3 ژمارەیەكی زۆری خەڵكی شاری هەڵەبجە خۆپیشاندانێكی هێمنانەیان ساز كرد دژ بە هاتنە ژورەوەی بەرپرسان بۆ ناو شار و بەشداریكردنیان لە یادی هەڵەبجە , لەسەرەتادا هێزەكانی ئاسایش تەقەیان بەسەر خەڵكەكەدا كرد و كەوتنە لێدانی ڕۆژنامەنووسان و جەماوەری خەڵكەكە, بەڵام جەماوەر درێژەیان بە ناڕەزایەتی خۆیان دا و ڕێگە نادەن بەرپرسان بێنە ناو شارەوە .**

**كاتژمێر 12,30 ئەمرۆ جەماوەر چوونە ناو مۆنمێنتەكەوەو دەستیان بەسەردا گرت .**

**جەماوەری شار متمانەیان بەو بەڵێنانەی حكومەت داویەتی نییە , بۆیە ناڕەزایەتی بەردەوام دەبێت تا تەواوی داخوازەكانییان جێ بە جێیان كات .**

**باشترین ڕێگە بۆ وەڵام بە داواكاری خەڵكی شاری هەڵەبجەو كوردستان پاكسازی و چاكسازییە , پاكسازی لە كۆنە بەعسی و دز و تاوانباران و دادگایی كردنیان هەروەها چاكسازی سستەمی كاڕگێڕی لەكوردستان و كۆتایی بە گەندەڵی و جیاكردنەوەی حیزب لە دەوڵەت .**